وەزارەتی نەوت وەستگەکانی دابەشکردنی غازی شلی ئۆتۆمبێل زیاد دەکات

ئەمێ شەمە، وەزارەتی نەوتی عێراق،زیادکردنی وەستگەکانی غازی شلی ئۆتۆمبێل لەسەرتاسەری وڵات ڕاگەیاند و ئاماژەی بەوەکرد، "مانگانە ژمارەی بەکارهێنەرانی غازی شل بە ئۆتۆمبێلەکان لە زیادبوندایە".

ڕافد سادق، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی کۆمپانیای دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکانی عێراق ئەمێ شەمە بە ئاژانسی هەواڵی فەرمی ڕاگەیاند، کۆمپانیاکە پلانێکی تەکمیلی ئامادەکردوە بۆ دامەزراندنی فرۆشگای نوێی غازی شل لە سەرانسەری عێراق، هەروەها پلانیش هەیە بۆ زیادکردنی ژمارەی ئێستای زیاتر لە 90 فرۆشگا.

ئاماژەی بەوەشکرد، کۆمپانیاکە پلانی هەیە بۆ زیادکردنی ژمارەی وەستگەی غازی شل بۆ ئۆتۆمبێل، هەروەها بەمنزیکانە دو وەستگەی نوێی غازی شل لە دیوی کەرخ و ڕەسافەی بەغدا دادەمەزرێنن.

ئەو بڕیارەی وەزارەتی نەوتی عێراق باسی لێوەشکرد، بەهای نرخە کەمکانی و ئەدای کارامەیی، هێروەها زیادبونی متمانەی هاوڵاتیان بە کارکانی، مانگانە ژمارەی بکارهێنەرانی غازی شل بە ئۆتۆمبێلەکان لە زیادبوندایە.

ئەوشیخستۆو، کەی گشتی بۆی غازی سروشتی شل کە لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا مانگی (ئایار/5) دابینکراوە، زیاتر لە 158 ملیۆن لیترە، هێروەها کەمپانیاکە چوار جار سوتەمەنی بە هاوڵاتیان دابین دەکات، لێوانە بەنزینی سوپەر، بەنزینی باش، بەنزینی نایاب، غازی سروشتی شل بە ئۆتۆمبێل.